# حوکمی تێپەڕ بوون بە فڕۆکە بە ئاسمانی عەرەفەدا

## حكم المرور بالطائرة في سماء عرفة

< كوردي >

دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# تێپەڕ بوون بە فڕۆکە بە ئاسمانی عەرەفەدا

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار** : ئایا ئەو کەسەی ئەگەر نیەتی حەج کردنی هەبێت، ونیەتی ئیحرامی هەبێت، ڕۆژی عەرەفە بە فڕۆکە بە ئاسمانی عەرەفەدا تێپەڕ بوو، ئایا بەو تێپەڕ بوونە ڕوکنی وەستانی عەرەفەی لەسەر دەکەوێت ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بە ئیتفاق و یەك دەنگی زانایان ئەو کەسەی کە نیەتی حەجی هەبێت، واتا : نیەتی ئیحرامی هێنا بێت و ئیحرامی بەستبێت، بە فڕۆکە یان بەهەر هۆکارێکی تر بە ئاسمانی سنوری عەرەفەدا تێپەڕی کرد ئەوا ڕوکنی حەجی بەجێهێناوە و حەجەکەی دروستە، ئەگەر بۆ ساتێکیش بوو بێت ..

هەر سەبارەت بەم مەسئەلەیە هەندیك لە زانایانی مەزهەبی شافعی ووتویانە : هەر کەسێك بە سەر پشتی باڵندەیەکەوە بە هەوای ئاسمانی عەرەفەدا تێپەڕی کرد ئەوا حەجەکەی دروستە .

هەر لەبەر ئەمە ئەو کەسەی بە سواری فڕۆکە بە ئاسمانی عەرەفەدا تێپەڕی کرد لەو کاتەی کە کاتی وەستانی عەرەفە دەست پێدەکات، واتا لەپاش نوێژی نیوەڕۆ وە ئەوا ڕوکنی وەستان لە عەرەفەی بۆ هەژمار دەکرێت و حەجەکەی لەبەر ئەم هۆیانە دروستە : -

یەکەم : چونکە هەوای هەموو شوێنێك سەر بەو جێگایەیە کە ناوی لێنراوە، واتا : هەوای ئاسمانی عەرەفەش بە عەرەفە دادەنرێت، بەو مانایەی کە ئەگەر بێتو ڕۆژگارێك بێت چەند کۆشك و باڵەخانەیەکی بەرز لە عەرەفە دروست بکرێت، ئەو حاجیانەی کە لە نهۆمی بیستەم دەمێننەوە وەستانەکەیان وەستانێکی تەواو و دروستە، بە هەمان شێوە ئەو کەسەشی کە بە ئاسمانی عەرەفەدا تێپەڕ بکات .

دووەم : زانایان ووتویانە ئەگەر هەرکەسێك لەو کاتەی کە دیاری کراوە بۆ مانەوە لە عەرەفە -لە پاش نوێژی نیوەڕۆ وە هەتاوەکو ڕۆژ ئاوا بون – تەنها ساتێکیش بمێنێتەوە حەجەکەی دروست و ڕوکنی مانەوە لە حەجی ئەنجامداوە ..

بەڵام هێندە هەیە ئەو کەسەی بە فڕۆکە بە ئاسمانی عەرەفەدا تێپەڕ دەکات ئەگەر هاتوو تێپەڕ بوونەکەی بە ڕۆژ بوو، وە پێش ڕۆژ ئاوا بوون بوو، وە شەویش نەگەڕایەوە بۆ عەرەفە، ئەوا خوێنێکی دەکەوێتە سەر، واتا : دەبێت ئاژەڵێك وەك فدیە سەر ببڕێت، چونکە بۆ مانەوەی عەرەفە دەبێت بەشێك لە ڕۆژ و بەشێك لە شەو کۆ بکرێتە ...

خوای گەورەش زاناترە ..

IslamHouse.com